**برگەی ٤:**

۱. **ڕێکخستنی لیژنەی هونەری:**

**أ/ سەرۆکی لیژنەی هونەری پیاوان: ( President of the Men's Technical Committee)**

**ئەمەش دەبێت بە سەرۆك بۆ لیژنەی ناوبژیوانی بالا . کە ئەرکەکانیان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە.**

۱. **دلنیا بوون لە بەرێوە چوونی پالەوانێتیەکە.**
۲. **داواکردن و سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەی ناوبژیوانان و خولی مەشق کردنیان.**
۳. **مامەڵە کردن لەگەل داواکای هەڵسەنگاندنی جوولەی تازە و بەرز و نزمی ( عقلە و حەلەق ).**
٤. **مامەڵە کردن لەگەل جیٚ هێشتنی شوێنی پالەوانێتی بۆ کاری پێویست لەلایەن یاریزانەوە.**
٥. **چاودێری کردنی کاری سەرپەرشتیاری ئامێر و دەستێوەردان لەکارەکەی لەکاتی پێویست.**
٦. **گۆرینی هەر کەسێك لە ئەندامانی لێژنەی ئامێر ئەگەر بزانن شوێنیی متمانە نیە لە کارەکەیدا.**
۷. **مامەڵە دەکەن لە ریٚگای ڤدیۆ لێدانەوە لەرۆژی دوای پالەوانێتیەکە، لەگەلٚ هەر نارەزایەك پێشکەش بکرێت لەلایەن یاریزان.**
۸. **سەرپەرشتیار کردنی بۆ پشکنینی خاسیەت و پێوانی ئامێرەکانی بە پیٚی ستانداردی FIG**
۹. **ناردنی راپۆرتێك بۆ یەکێتی نێو دەوڵەیت جمناستك باس لە تێبینیەکان بەشێوەی گشتی دەکرێت ، هەروەها شیکردنەوەی ئاستی ناوبژیوانەکان دەکریٚت و هەرەوها هەر گۆرانکاریەك کرابێت لە ئەنجامی یاریزان و هۆکارەکانی.**

**ب/ ئەندامانی لێژنەی هونەری پیاوان: ( Men's Technical Committee )**
**لەکاتی بەرێوە چوونی قوناغەکانی پێشبکری ، ئەندامانی لێژنەی هونەری پیاوان کار دەکەن وەك ئەندام لە لێژنەی ناوبژیوانی بالا و سەرپەرشتیاری ئامێرەکان، ئەرکەکانی ئەمانە دەگرێتەوە:**

۱. **چالاك کردن و ریٚکخستنی کاری هەردوو لیژنەی ( D ) و ( E ) ریٚکخستنی کاری هەڵسەنگاندن بەشێوەی کۆتایی.**
۲. **کۆ کردنی هەردوو بەهای نمرەی ( D ) و داشکاندنەکانی نمرەی ( E ).**
۳. **تۆمار کردنی پێکهاتەی راهێنان بە تەواوی بە نوسینی هێما.**
٤. **دەکەوێتە نواین هەردوو لێژنەی ( D ) و ( E ) لەکاتی جیاوازی بوونیان ئەگەر چارە نەکرێت کێشەکە بۆ سەرۆکی بالا بەرز دەکرێتەوە.**

٥. وەك گێنەرێك دبێت لە نێوان لێژنەی ( D ) و ( E ) و سەرۆکی گشتی.
٦. کۆنترۆل کردنی هەڵسەنگاندنی گشتی و نمرەی کۆتایی هەر راهێنانێك.
٧. پشکنینی ئامێری بەکارهاتوو لە مەشق و گەرمکردن و پێشبرکێ لەگەل ستانداردی ئامێری FIG

٢. رێکخستنی لێژنەی ئامێر:

لە پێشبرکێیەکانی FIG فەرمی ، و پاڵەنیەکانی جیهانی و خولی یاریەکانی ئۆلمپی لێژنەی ناوبژیوانی ئامێر پێك دێت لە لێژنەی D ( Difficulty ) و لێژنەی E ( Execution ).

**ج/ لێژنەی ( D ) :**

کەوا لە دوو ناوبژیوان پێك دێت، هەردووکیان لە شوێنێکی نزیك ئامێرەکە بە تەنیشت یکەوە دادەنیشن بۆ ئەوەی بەروونی یاریزانیان لێ دیار بێت. کوا ناوبژیوانی ( D ) یەکەم لەلایەن لێژنەی یەکێتی نێو دەوڵەتی جمناستك دیار دەکرێت بە پێی چەند رێنمایەکی تایبەت کە بەر پرس دەبێت لەسەر ناوبژیوانی ( D ) دووەم. کارەکانی ناوبژیوانی ( D ) یەکەم بەم شێوەیەی دەبێت:

١. یارمەتیدانی سەرۆکی لێژنەی ئامێر.
٢. رێکخستنی کارەکانی هەردوو لێژنەی ( D ) و ( E ).
٣. تۆمار کردنی هەڵەکانی لێژنەی ( D ) .
٤. بەهای سەرەتای جوولەکانی دیار دەکات و سەرۆکی لێژنەی ئامێر ئاگادار دەکات و هەروەها سەرپێچیەکانی یاریزان.
٥. ئاگاداری سەرۆکی ئامێر دەکات لەسەر پێکنەهاتن لەسەر نمرەی یاریزان لە نێوان لێژنەی ( D ) و ( E ).
٦. را پۆرتێکی تایبەت ئامادە دەکات بۆ سەرۆکی گشتی بە دیار خستنی کێشەکان و سەرپێچیەکان و هەر نادیاریەك هەبێت. هەروەها را پۆرتێك لەسەر پێکهاتەکانی هەموو راهێنانەکان ئەوەی ئە نجامدراوە.

**ناوبژیوانانی ( D ) یەکەم و ( D ) دووەم :**

بەڵام هەردوو ناوبژیوانی لێژنەی ( D ) کاری هەڵسەنگاندنی پێکهاتووی راهێنانەکان دەکەن، هەر یەك لە ناوبژیوانی لێژنەی D هەڵسانگدنەکە بەتەنیا دەکات بەلام دەتوانن لەگەل یەك راوێژبکەن. بەبی ئەوەی هیچ هەڵەیەك بکەن کارەکەشیان چەند خاڵك دەگرێت بەم شێوەیە:

- **دیاری کردنی نرخی پێکهاتەکانی راهێنان.**
- **ئەژمارکردنی نرخی قورسی باشتر ۹ جوولە + جوولەی دابەزین**

| جوولەکە | A | B | C | D | E | F | G | H | I |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نرخەکەی | 0.10 | 0.20 | 0.30 | 0.40 | 0.50 | 0.60 | 0.70 | 0.80 | 0.90 |

- **ئەژمارکردنی بەستنی نێوان جوولەکان ، بەم شەیوەیەی خوارەوە بەستنەکان ئەژمار دەکرێت بەمەرجێك لەکاتی ئە نجامدانی جوولەکان هەڵەی گەورەی تێدا نەبێت.**

(D, E , F, G) + (D, E , F, G) = ٠.٢٠

(C) + (D, E , F, G) = ٠,١٠ **یاخود بە پێچەوانەوە.**

- **ئەژمارکردنی پێداویستەکانی جوولە کەوا هەر ئامێرێك پێنج پێداویستی دەبێت ئەم پێداویستەش لە کۆمەڵە جوولەیەك پێك دێت کە نرخەکەی ( ٠.٥٠ ) دەبێت بەم شێوەیە :**

**جوولەکانی سەر دوو داری تەریب:**

١. **جوولەکانی جێگیر بوون لەسەر دوو دارەکە.**
٢. **دوولەکانی ئەوەی بە جێگیر بوونی باسك دەست پێدەکات.**
٣. **خولاندنەوەی درێژ لە خۆ هەڵواسین.**
٤. **خولاندنەوەکانی خوارەوەی دوودارەکە.**
٥. **دابەزین**

**جوولەکانی سەر زەوی بەم شێوەیە دەبێت:**

١. **کۆمەلە جوولەکانی ئەکروباتیکی پێشەوە**
٢. **کۆمەلە جوولەکانی ئەکروباتیکی بۆ دواوە**
٣. **کۆمەلە جوولەکانی ئەکروباتیکی بۆ تەنیشت**
٤. **کۆمەلە جوولەکانی نا ئەکروباتیکی**
٥. **کۆتایی**

**د/ لیژنەی ( E ) :**

**لەم لیژنەیە (٦) ناوبژیوان نابیٚ تلە (٤) کەمتر بن ، بەشدار دەبن بەشێوەیەك دادەنیشن ناوبژیوانی (E) یەکەم لەتەنیشت لیژنەی (D) دادەنیشیت ماوەیەك لە نێوانیان هەیە پاشان بەدەوری ئامێرەکە ناوبژیوانەکانی تر بە شێوەی پێچەوانەی کاتژمێر بلاو دەبن کەوا چواریان دەکەونە برامبەر لیژنەی (D) ناوبژیوانی شەشەمیش دەکەوێتە لای راستی لیژنەی (D)، کەوا لیژنەی ( E ) هەموویان یەك جۆرە ئەرکیان دەبێت کەسیان بە سەرۆك ئەژمار ناکرێت هەموویان وەك یەکن. کارەکەیان بەم شێوەیە دەبێت:**

١. **هەریەك لە ناوبژیوانەکان پێکهاتی جوولە هەلدەسەنگێنن بەلایەنی جێبەجیٚ کردن و هەڵەکان دیار دەکەن بە داشکاندن بە شێوەیەکی سەربەخۆ، کە خاڵەکانی لەسەر (١٠) دەبێت. ئەمەش بیٚ ئەوەی راوێژ لەگەل یەك بکەن.**
٢. **شکاندنی بۆ هەڵەکانی بەم شێوەیە دەلێت : هەڵەی بچووك ٠,١ خال ،. هەڵەی ناوەند ٠,٣ خال، هەڵەی گەورە ٠,٥ ، بەربوون ١,٠ خالٚ.**
٣. **هەر یەك لە ناوبژیوانەکانی لیژنەی (E) داشکاندنەکان کۆ دەکەنەوە لەماوەی (٢٠) چرکە لەدوای تەواو بوونی راهێنانەکەی یاریزان.**
٤. **جیاوازیەکان لە داشکاندنەکانی چوار ناوبژیوانی ناوەراست (واتە دوای لادانی بچوکترین و گەورەترین داشکاندن) نابێت ناوەراستی داشکاندنیان زۆر جیاواز بێت بەلکو دەبێت بە پێی ئەم خشتەیە بێت:**

| جیاوازی نێوان ناوەراستی نمرەکان | داشکاندنەکانی ناوبژیوان | نمرەکە |
|---|---|---|
| ٠.١٠ | < ٠.٠٠ – ٠.٤٠ | ٩.٦٠ – ١٠.٠٠ |
| ٠.٢٠ | < ٠.٤٠ – ٠.٦٠ | ٩.٤٠ – ٩.٦٠ |
| ٠.٣٠ | < ٠.٦٠ – ١.٠٠ | ٩.٠٠ – ٩.٤٠ |
| ٠.٤٠ | < ١.٠٠ – ١.٥٠ | ٨.٥٠ – ٩.٠٠ |
| ٠.٥٠ | < ١.٥٠ – ٢.٠٠ | ٨.٠٠ – ٨.٥٠ |
| ٠.٦٠ | < ٢.٠٠ – ٢.٥٠ | ٧.٥٠ – ٨.٠٠ |
| ٠.٧٠ | < ٢.٥٠ | ٧.٥٠ |

**هـ/ ناوبژیوانی تر: هەندێك ناوبژیوانی تر هەیە بۆ یارمەتیدانی لیژنەکان وەك دوو ناوبژیوانی هێڵی سەر زەوی لەسەر جوولەکانی سەر زەوی دەبێت سەرۆکی ئامێرەکە ئاگا دار بکا ئەگەر یریزان قاچی لەسەر هێلەکەی پەراندەوە . هەروەها ناوبژیوانی کاتگر دەبێت یاریزان بە هێمای دەنگی یاریزان ئاگادار بکات لە ٦٠ چرکە دا. هەرەوها لە ٧٠ چرکە ئەگەر کاتی تەواو بوونی ئە نجامدانی راهێنانەکەی پەراند.**